ژمـارە : ٢٦٣٤
ڕێکەوت : ٢٩ / گەلاڕێزان / ٢٧١٢ کوردی

Date: ٢٠١٢ / ١١ / ٢١

## - ئاگاداری -

چەند پلەیەکی بەتاڵ هەیە لە پۆستی دادوەر لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان وە بۆ ئەوانەی ئارەزووی دامەزراندنیان هەیە بەم پۆستە وە مەرجەکانی یاسایی کە لە خوارەوە هاتووە تیایاندا بەدی دەکرێت با داواکاریەکانیان پێش کەش بە دیوانی سەرۆکایەتی ئەم ئەنجومەنە بکەن لە ماوەی ٢ /٢٠١٢/١٢ تاکو ١٣ / ١٢ /٢٠١٢ .

### مەرجەکانی یاسایی /

١- دەبێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسا یاخود هاوتاکەی هەبێت .

٢- دەبێ لە دوای دەرچوونی لە کۆلێژی یاسا بە لایەنی کەم بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لە وەزیفەی لێکۆڵەرەوەی دادی یان یاریدەدەری دادوەری یاخود دادنووس یان جێ بە جێ کاری دادی یان بەڕێوەبەری چاودێری نامەکان یاخود لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە یاخود هەمان ماوەی ناوبراو دەستی دابێتە پیشەی پارێزەری یان فەرمانبەری مافپەروەری کارکردە لە بەشی یاسا لە فەرمانگە و دەزگا فەرمییەکان کە بە لایەنی کەمەوە ساڵانە پێنج داوای لە دادگاکاندا هەبێت وەکو بریکار یاخود نوێنەری یاسایی وە کارکردن لەم وەزیفانەی سەرەوە سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر لە یاسا پێنج ساڵ بێت وە سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا سێ ساڵ بێت ئینجا کارکردنەکانیان پێش دەست کەوتنی ئەو دوو بڕوانامە بێت یان پاش دەست کەوتنی .

٣- تەمەنی لە ٣٠ ساڵ کەمتر نەبێت وە لە ٥٠ ساڵ زیاتر نەبێت تاکو ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٢ .

٤- دەبێ عیراقی بێت .

٥- زمانی کوردی و عەرەبی بە خوێندنەوەو نووسینەوە بە باشی بزانێت.

٦- لە تاقی کردنەوەی بە زارەکی و بە نووسین لە بەردەم ئەنجومەنی دادوەری دەربچێت .

٧- پێویستە هیچ ناتەواویەکی جەستەیی نەبێت کە ڕێگە لە جێ بە جێ کردنی ئەرکەکانی بگرێ .

٨- دەبێ ناوبانگ و ڕەوشتی باش بێت .

٩- دەبێ بەڵێن بدات کە دوای دامەزراندنی کاری حیزبی نەکات .

١٠- نابێ بە تاوانێکی دەستە ئەنقەستی ( جناية عمدية ) نا سیاسی یا کەتنێکی ئابروبەر حوکمدرابێ .

١١- ئەوەی دادەمەزرێت بە دادوەر لە یەکێك لە دادگاکان پێویستە بەڵێن بدات کە داوای گواستنەوە نەکات بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە لایەنی کەمەوە .

أحمد عبدالله زبير
سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری